# Policy Paper

## ریفۆرمی پەیوەندی مەدەنی و سەربازیی (پێشمەرگە) لە کوردستان

**Prepared by:**

**Dr. Sardar Aziz**

**Publisher:**

**Friedrich-Ebert-Stiftung, Amman Office**

**September 2017**

**Amman, Jordan**

Published in 2017 by Friedrich-Ebert-Stiftung Jordan & Iraq
FES Jordan & Iraq
P.O. Box 941876
Amman 11194
Jordan

Email: fes@fes-jordan.org
Website:www.fes-jordan.org

**Not for sale**

© FES Jordan & Iraq

All rights reserved. No part of this publication may be reprinted, reproduced or utilized in any form or by any means without prior written permission from the publishers.
The views and opinions expressed in this publication are solely those of the original author, and do not necessarily represent those of the Friedrich-Ebert-Stiftung or the editor.

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........ 1
سوپا لە عێراق ........ 2
ڕاڤەکردن ........ 4
چەمک و عەقڵیەت: ........ 4
پاشخان: شەڕی ناوخۆی نەرم: ........ 5
ە سیاسیکردن: ........ 5
کۆنترۆڵی مەدەنی: ........ 5
باڵی ناو حیزبەکان و پەرتەوازەیی پێشمەرگە ........ 6
نەبوونی مەودا ........ 7
ڕۆڵی سیستەم: ........ 7
پێشنیارەکان: ........ 8
بیبلۆگرافیا ........ 10
دەرباری نوسەر ........ 12
About FES Amman ........ 12

پێشمەرگە، هێزی چەکداریی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم کارنامە سیاسیە ئامانجی ئەوەیە، کە ئەم هێزە یان هێزانە هەڵبسەنگێنێت و خەسڵەتەکانی ڕاڤە بکات، لە ڕوانگەی تیوەرەکانی پەیوەندی دیموکراسیانەی مەدەنیی و سەربازییەوە. سەرباریی ئەمە، وەک توێژینەوەیەکی (پۆلەسی) لە هەڵسەنگاندنەکانەوە چەند پێشنیارێک دەخاتە بەرچاو

## پێشەکی

پێشمەرگە، ناوی هێزیی سەربازیی هەرێمی کوردستانە لە عێراق. بەپێی ماددەی ١١٧ و مادەی ١٢١ لە دەستوری فیدراڵی عێراق؛ هەرێمەکان دەتوانن هێزی ئاسایشی تایبەت بە خۆیان هەبێت. بەم پێیەش، پێشمەرگە دانپیانراوە وەک هێزێکی ئاسایشی هەرێمی. شەرعیەتی ئەم هێزە بە گشتی لە سەر دۆخی سەربەخۆیی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا وەستاوە. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە هاتنە ئارای دۆکترنی پێڵاو نەخستنە سەر زەوی، ئەمریکی، کە لە ئەنجامی گەشەی تەکنەلۆجی و توانای گەورەی هێزی ئاسمانی و هێزی دەریایی لە ئەنجامدانی جەنگ (جارکۆوسیکی، ٢٠٠٢) بەبێ بە دەستهێنانی دەستکەوتی گەورە، هەروەها تێچوونی زۆر و شکستی هەوڵەکان، ئەمریکا (ئیدارەی ئۆباما) بڕیاریدا، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزە لۆکاڵیەکاندا بکەوێتە پەیوەندی بۆ شەڕی تیرۆر لە ڕێگای دروستکردنی هاوپەیمانی، بە بەکاربردنی هێزی ئاسمانی و تەکنەلۆجی و چەک و تەقەمەنی و ڕاوێژکاریی ئەمریکی، بەبێ هەناردەکردنی هێزی سەربازییی، بۆ بەرەکانی شەڕ. لە دەرئەنجامی ئەمەدا، پێشمەرگ، وەک هێزێک لۆکاڵی بوو بە پارتنەری هێزە سەربازییە ڕۆژئاواییەکان. بۆیە ئەمە وەهایکرد کە پێشمەرگە وەک هێزێکی گرنگی هەرێمی و نیشتمانی و ئیقلیمی و جیهانی دەرکەوێت.

سەرباری ئەم ڕۆڵە گرنگە، پێشمەرگە پێویستی بە ریفۆرم و مۆدێنرکردنە لە ڕووی ڕێکخستن و ئیدارە و پەیوەندی لە گەڵ دەزگاکانی تری ناو حکومەتدا. ئەم کارنامە سیاسیە، سەرەتا گرنگی ریفۆرمیی پێشمەرگە دەخاتە پێش چاو، ئەو ڕێگریانە دەستنیشان دەکات کە ڕێگرن لە مۆدرێنکردنی ئەم هێزە، هەروەها چەند پێشنیارێک دەکات لە پێناو چۆنێتی گەیشتن بە پەیوەندیەکی مەدەنی سەربازیی دیموکراتیانە لە کوردستانی عێراقدا.

پێشمەرگە، دەتوانرێت لە سێ ئاستدا لێی بکۆڵدرێتەوە: ناوخۆیی(کوردستان) دەوڵەتی(عێراق) لە گەڵ نێودەوڵەتیی. ئەم کارنامە سیاسییە، زیاتر جەخت لە سەر ئاستی یەکەم دەکاتەوە و ئارگومێنتی ئەوە دەهێنێتە ئاراوە، کە هاتنە ئارای پەیوەندییەکی مەدەنیان و دیموکراتیانەی نێوان مەدەنی و سەربازیی تەنها لە پاش ریفۆرمی سیاسەتی ناوخۆی کوردستان فەراهەم دەبێت.

ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە هیچ ڕۆڵێک بۆ ئەکتەری دەوڵەتی و نێودەوڵەتیی نییە. بە پێچەوانەوە هەردوو لایەنە دەوڵەتیی و نێودەوڵەتییەکان، ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەگێڕن لە میانەی

پشتیوانیکردنی به پیشەییکردن، کاراکردن، دیموکراسیکردن، لە گەڵ هێنانە ئارای ئاسایشیی نیشتمانیی.

لە ڕوویی مێژووییەوە، پێشمەرگە چەند گروپێکی گەریلایین. کە ڕکەبەریی حکومەتی ناوەندی بوون، بە درێژایی مێژووی نوێی عێراق. پەیوەندی سەربازیی مەدەنی لە عێراقدا، مێژویەکی تایبەتیی هەیە. پێشمەرگە، سەرباری ئەوەی کە هێزێکی نەیاری سوپای عێراق بووە، لە زۆر ڕووەوە لە سوپای عێراق دەچێت، بە تایبەت لە ساتەوەختی دروستبوونی حکومەتی هەرێمەوە.

وەک چەمک، پێشمەرگە سەربە سەردەمێکی ترە، لە هەناو مێژووی کوردستان و ناوچەکەدا. کە دێتە سەر شوناس و پەیوەندی؛ پێشمەرگە نوێنەرایەتی چەندین ناسنامە دەکات: پێش هەمووی هێزی چەکداریی حیزبە سیاسیەکانە، هێزی چەکداریی حکومەتیکی هەرێمیە، هەروەها هێزی چەکداریی گروپێکی ئیتنیە. لە گەڵ ئەمەشدا بەشێکە لەو ئاڵۆزییەی کە پێی دەوترێت 'هێزی ئاسایشی ناوخۆیی تێکەڵ لە عێراق (گاساتۆن و ئەوانیتر ٢٠١٦). لە سەروی ئەمانەوە و بگرە بە گرنگیەکی زیاترەوە؛ پێشمەرگە پارتنەرێکی کاریگەری نێودەوڵەتیە لە جەنگی دژ بە تیرۆر. لێرەدا پرسەکە ئەوەیە کە ئایا چۆن ئەم هەموو ڕەهەندە حیزبی و هەرێمی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتیانە پێکەوە کاردەکەن.

## سوپا لە عێراق

پەیوەندی نێوان سوپا و نوخبەی سیاسی و کۆمەڵگە، بە چەند قۆناغێکدا لە مێژووی عێراقدا تێپەڕیوە. عێراق لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردودا، لەلایەن بەریتانیەوە داهێنرا (دۆج، ٢٠٠٣). سوپا، یەکێک بوو لە هەرە سەرەتاییترین دەزگاکان کە لە وڵاتدا دروستکرا. تەنانەت پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەتیش کەوت بە شەش مانگ، (الجیش و السیاسه فی) بە درێژایی بوونی عێراق هەموو حکومەتەکان هەوڵیانداوە کە سوپا بەکاربهێنن بۆ چاککردن و جوانکردنی شەرعیەتیان (المراشی و سەلامە، ٢٠٠٨:٢). لە دەرئەنجامی ئەمە پەیوەندییەکی لەسەریەک ژیانی لە نێوان حکومەت و سوپادا هاتە ئاراوە. هەردولا یەکتریان بەکارهێناوە و پێویستیان بە یەکتر بووە. بەم پێیە، سیمای زاڵی پرۆسەی سیاسیی عێراقی، کە هەمیشە سوپا هەوڵیداوە کە شوناس و چارەنوسی نەتەوە دیاریی بکات. بۆیە لە کاتێکدا سوپا، یەکێک بووە لە کۆنترین دەزگاکانی وڵات، زۆر بەکەمی بەشداری کردوە لە دابینکردنی سەقامگیردا، چەندین جار دەستوەردانی کردوە لە پرۆسەی سیاسی؛ چ لە ڕێگای سەپاندنی دیدی لە سەر چۆنێتی فۆرمەلەکردنی حکومەت یان بە کودەتا (المراشی و سەلامە، ٢٠٠٨:٢).

ئەم پاشخانە، بەرپرسە لە هاتنە ئارای هەبوونی مەترسیی ریسکی کودەتا (بالکین و شۆفەر، ٢٠٠٢) لەگەڵ هەوڵدان بۆ ڕێگریی لە کودەتا یان دژە-کودەتایی (کوینلڤین، ٢٠٠٠)، کە ئاگایی و هۆشی نوخبەی سیاسی داگیرکردبوو.

ئەم دەستێوەردانەی سوپا لە سیاسەت لە ئاستی ئیقلیمیدا، توانای عێراقی سنوردارکرد لەوەی بتوانێت و ببێتە یاریزانێکی سەرەکی لە ناوچەکەدا (هاشم، ٢٠٠٣). بە پێچەوانەی سوپای ئاسایی، هەروەها بە هۆی بونیادی و ناسەقامگیری وڵاتەوە، سوپاسی عێراق 'ڕۆڵی دەزگایەکی ئاسایشی ناوخۆیی بینی، پشتیوانی دەوڵەتی دەکرد هەتا شەرعیەتی ڕابگرێت لە ڕێگای بەرمیلی باروتەوە' (المراشی و سەلامە، ٢٠٠٨:٢). بەم پێیە سوپای عێراق لە هەمانکاتدا دابینکەری ئاسایش و مەترسی بووە بۆ سەر ئاسایشی وڵات.

بە پێی کاضم (٢٠٠٦) پەیوەندی مەدەنی سەربازیی عێراقی سێ کێشەی گەورەی هەبوو:

- **یەکەم**: باڵادەستی کەمینەی سوننە، لە ڕێگای دەرفەتی تایبەت بە بوون بە ئەندامی باڵای ئەفسەریی.
- **دووەم**: بەردەوامیی دەست تێوەردانی سوپا لە سیاسەت.
- **سێیەم**: بەردەوامی ململانێی تایفی، لە نێوان سیاسیە مەدەنیەکاندا لە سەر شوناس و پەیوەندی سوپا.

لە هەمانکاتدا هێزە سیاسیەکان بە فۆرمیولای (ماوتسی تۆنگ) دەستیانکرد بە دروستکردنی میلیشیا، لە سەر ئەو بنەمایەی کە دەسەڵات لە بەرمیلی باروتەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە (دەبێت پرینسیپ ئەوەبێت کە حیزب دەستی بە سەر چەکدا هەبێت نەک چەک ئیدارەی حیزب بکات) (ماو، ١٩٨٣:٢٢٤). ئەگەر چەک ئاماژە بێت بۆ میلیشیا ئەوا دەبێت لە ژێر سایەی حیزبدا بێت. دەتوانرێت ئارگومێنی ئەوە بهێنرێتە ئاراوە کە میلیشیا لە گەڵ حیزبی شیوعی عێراقیدا هاتە ئاراوە، بەڵام لە ساتەوەختی دروستکردنیی حەرەس قەومی بە تەواوی بەرجەستە بوو (فایز الخفاجی ٢٠١٦). سەرباری قەدەغەکردنی لە دەستوردا (ماددەی ٩)؛ سەردەمی پاش سەددام بوو بە سەرزەمینی میلیشایی سەر بە هێزەکانی حکومەت و هیزەکانی دژە حکومی. هەرچەندە دۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەرداهات پاش تێپەڕاندنی یاسای حەشدی شەعبی لە ٢٠١٦.

لەم پاشخانەوە، پێشمەرگە سەریهەڵداو هەڵگریی جۆرێکی تایبەتە لە پەیوەندی مەدەنی سەربازیی، کە دەرئەنجامی دۆخێکی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییە. هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان وەزارەتێک هەیە بە ناوی وەزارەتی پێشمەرگە، وەلائی سەرەکی پێشمەرگە بۆ حیزبە، بە تایبەت: (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان). بۆیە پەیوەندی نێوان هێزە سیاسیەکان بڕیاردەریی چۆنێتی ستراکتۆری پێشمەرگەیە.

لێکۆڵینەوەی پێشمەرگە ئاسان نییە. لەلایەک، چەمک و بونیادەکە لە گەڵ هیچ مۆدێلێکی پەیوەندی مەدەنی سەربازییدا تەبانیە. لە لایەکی تر دۆخ و پێگەی هەرێمی کوردستان، وەک یەکەیەکی نا-دەوڵەتی لە هەناو دەوڵەتی عێراقدا مایەی ئاڵۆزییە، بە تایبەتی ئەگەر لە ڕوانگەی ئاسایشی نیشتمانیەوە ببینرێت. ئەمانە ڕێگریمان بۆ دروست دەکەن هەتا وەک چەمک و بونیاد مامەڵە لە گەڵ پێشمەرگەدا بکەین، هەروەها وەک ئەنۆمەلییەکە (لە دەرەوەی پۆلێنکراوە) کە جۆرێکە لە هێزی چەکدار، کە لە دەرەوەی مۆدێلەکانی مەدەنی سەربازییە. هەر ئەم دۆخە دەرەکیە لە هەر

پۆلێنێک، داوامان لێدەکات کە پێویستە ریفۆرمی بکەین، بۆئەوەی لەگەڵ نۆرمە تەباکانی یەکێک لە مۆدێلەکانی پەیوەندی مەدەنی سەربازییدا بیگونجێنین.

پێشمەرگە چەمکێکی کەلتورییە، کە ڕەگێکی ڕۆمانسی هەیە و کە تێکەڵیەکی زۆری هەیە لەگەڵ جۆری ناسیونالیزمدا لە ناوچەکە، لە نێویاندا ناسیونالیزمی کوردیی. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەرفراوانی، کە سنوری گەلان بە دەگمەن لەگەڵ سنوری دەوڵەتەکاندا تەبایە، ناسیونالیزم، دەبێتە بزوتنەوەیەک، نەک هێندە بۆ پاراستنی تاک لە دەسەڵاتی نارەواو دەسەڵاتخوازی دەوڵەت، بەڵکو هەوڵێکە بۆ سەر لەنوێ نەخشەسازیی بۆ یەکخستنی جەستەی گەل یان ئیتنیکە هاوبەشەکان.

وەک لە چەمکی پێشمەرگەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، ئەم جۆرە ناسیونالیزمە ئایدیای ئەوەی هەیە کە تاک کاتێک خواست و مەرامی جێبەجێ دەبێت، کە بەشێکی ڕاستەقینە بێت لە گشتی نەتەوە، کە تیایدا ئەو تەنها بەشێکە. بەم پێیە پێشمەرگە، یان خواست بۆ مردن بۆ نەتەوەیەک و خاکێک باڵاترین کرداری ئەندامبوونی نەتەوەیەکە. ئەمجۆرە لە پەیوەست بوون، بە پێچەوانەی عەقڵانیەت ڕێگرە لە هاتنە ئارای هەرجۆرە کۆمەڵگەیەکی لیبرال و دروستبوونی سیستەم و حوکمدارییی. شایانی ئاماژە پێدانە کە ئەم جۆرە ناسیونالیزمە، کەوتوەتە ژێر رەخنە لە چەند ساڵی رابوردوودا لە کوردستان.

## ڕاڤەکردن

### چەمک و عەقڵیەت:

پێشمەرگە وشەیەکی لێکدراوە، داڕێژراو و بە سیاسیکراو لە سەردەمێکی تایبەتدا (کۆماری مهاباد ١٩٤٥)، لە میانەی مێژوودا گەشەی کرد و مانای جیاوازیی وەرگرت. ڕاڤەکاریی ناوەکە و ئەو ئیمجانەی کە لە گەڵیدان، هەنگاوی پێویستی یەکەمە بۆ تێگەیشتن لە بوون و نەبوونی ئەو پەیوەندیە تایبەتەی مەدەنی و سەربازییی لە هەرێمی کوردستان. لە میانەی مێژوودا، مانای ئاسایی چەمکەکە گۆڕا و بوو بە چەمکێکی سیاسی گەریلایی. ڕووداو و دابرانەکان بە هەردوو پۆزەتیف و نێگەتیف بەشداربوون لە دروستکردنی چەمکەکەدا. ئەم چەمکە سیخناخە بە یادەوەریی، مانا، ئیمج لە گەڵ خەسڵەتی جیاکاریی. ئەم مێژووە ڕاستە هێڵێک نیە، لە ڕاستیدا پێچاو پێچە.
پێشمەرگە بە کوردی مانای سەرباز، سوپا هەروەها سەرتاپا سیستەمیی بەرگریی دەگەیەنێت. لە کاتێکدا سەرباز ڕاهێنراوە بۆ شەڕکردن، سوپا گەلێک ئەرکی تری هەیە. ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان وەزارەتی پێشمەرگە هەیە، هەروەها شەرکەریش بە پێشمەرگە ناو دەبرێت. پێشمەرگە عەقڵیەتە، سیمبولە، جۆرێک لە پەیوەستبوونە؛ کە دەگەڕێتەوە بۆ قوناغی پێش حکومەت لە مێژووی کورددا.

## پاشخان: شەڕی ناوخۆی نەرم:

شەڕی ناوخۆ، دۆخی سیاسی سیاسەت بوو لە سەرەتای جەنگی ساردەوە، بەردەوامی هەبوو لە پاش شەڕی سارد.
ئێمە جیاکاریی دەکەین لە نێوان ئەم دوو قۆناغەدا لە سەر بنەمای ئەو ئارگومێنتە کە جەنگی ناوخۆی یان جەنگی مەدەنی نوێ، زیاتر ئابوورییە هەتا ئایدۆلۆژی (کالیڤاس، ٢٠٠١:١٠٠). شەڕی ئەهلی کوردستان دەتوانرێت بە سەر شەڕی ئەهلی ڕەق و شەڕی ئەهلی نەرم پۆلێن بکرێت. مەبەست لە شەڕی ڕەق، ململانێی چەکدارییە کە لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٨ بەردەوام بوو، بەڵام، بە کۆتایی هاتنی بەکارهێنانی چەک، ڕەهەندەکانی تری شەڕی ناوخۆ درێژەی دەبێت و کاتی زۆتر دەخایەنێت، زۆرێکیان هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە، ئەم ناو دەنێین شەڕی ناوخۆی نەرم. پاڵنەر و هاندەری شەڕی ئەهلی نەرم ترسە لە پاراستن و نەبوونی توانا بۆ درێژەدان بۆ پۆست لە لایەن تاک و گرووپەکانەوە، هەروەها لە پێناو پاراستنی پێگەی سیاسی و دەستکەوتی ئابوریی. بوونی شەڕ وەک میتۆدی پەیوەندی لە پانتایی مەدەنیدا نیشانەی نەبوونی توانایە بۆ کۆبوونەوە و بونیادنانی هاوبەشی وەک بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی گشت (پەبلیک) وەک چاکەی گشتی، کاڵای گشتی، یان سۆشیال.

## ە سیاسیکردن:

پێشمەرگە هێزێکی چەکداری بەسیاسیکراوە (هاوار حەسن حەمە، ٢٠١٧). ئەمە ئاماژە بە ئەوە ئەدات سەرباری بوونی پەیوەندیەکی سیاسی لە نێوان پێشمەرگە و لایەنە سیاسیەکاندا، هەروەها بەکارهێنانی پێشمەرگە لە ململانێ سیاسیەکاندا بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابوریی. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە سەرباری لاوازی دەزگا، نەبوونی براوە لە نێو نوخبەی سیاسی و هێزە سیاسیەکان لە هەرێم. متمانە بە تەواویی لە ڕۆژانی شەڕی ناوخۆ کۆتایی هات لە نەوەدەکان، ئەم دۆخە هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەیە.
ئەم نەبوونی متمانەیە لە نێو نوخبەی سیاسیدا شۆڕبوەتەوە بۆ ناو کۆمەڵگە. دەرئەنجامی ئەمە سێ بێ باوەڕیی هێناوەتە ئاراوە: لە نیو نوخبەی سیاسیدا، لە نێوان نوخبەی سیاسی و چڤاتدا، هەروەها لە ناو کۆمەڵگەدا. ئەم دارمانی متمانەیە لە نێوان نوخبەی سیاسیدا لە نەوەدەکان، دەتوانێت ئەو پەیوەندیە نزیکەی نێوان نوخبەی سیاسی و هێزی چەکدار ڕاڤە بکات. وەک ئەدەبیاتی ئەم بوارە ئاماژەی پێدەکەن 'چاکی و باشی نەتەوەیەک، هەروەها توانای بۆ کێبرکێ، پشت دەبەستێت بە تاکە خەسڵەتێکی کەلتوری گرنگ؛ ئەویش ئاستی متمانە لە نێو کۆمەڵگەدا (فۆکۆیاما، ١٩٩٥:٧). پێشمەرگە دەتوانێت ببێتە بونیادنەری ئاسایش و متمانە ئەگەر ریفۆرم بکرێت.

## کۆنترۆڵی مەدەنی:

لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، دەبێت مەدەنی (سیاسی) کۆنترۆڵی سەربازیی بکات. ئەمە بە مانای بوونی بۆشاییەک دێت لە نێوان مەدەنی و سەربازییدا. مەدەنی دەریدەخات کە سوپا، وەک باڵاترین شێوازی

ڕێکخراوی هێز، نابێت کۆمەڵگە بترسێنێت، تەنها لە بەر ئەوەی کە توانای توندوتیژیی هەیە. لە کوردستان ئەمڕۆ کێشە شوناسی مەدەنیە، یان بە مانایەکی تر سیاسیە. مەدەنی کێن، حکومەت، پەرلەمان، حیزبە سیاسیەکان یان نوخبەی سیاسی؟ لێرەدا مەدەنی لە بری civil بەکارهێنراوە، کە هەردوو نوخبەی سیاسی و کۆمەڵگەش دەگرێتەوە. لەبەرئەوەی لێرەدا بوارنیە لە سەر شوناسی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاربکەین، ئەرگومێنتی ئەوە دەهێنمە ئاراوە، بە پشت بەستن بە ئەزموونی دوو دەیە و نیوی ڕابوردوو، دامۆدەزگاکانی حکومەتی هەرێم بێتوانان لە بڕیاردان. بەم پێیە بڕیاردەری سەرەکی حیزبە سیاسیەکان و نوخبەی سەرەویانە.

لە هەمانکاتدا ئەوە حیزب و نوخبەی سیاسیە کە بەرپرسی پێشمەرگەن، بە هۆی ئەو مێژوو دۆخە کۆمەڵایەتیە تایبەتەی هەرێم (کورد). لەبەر ئەم هۆکارە پەیوەندی مەدەنی سەربازیی تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەلایەک دەتوانرێت بوترێت کە بۆشایی نیە لە نێوان مەدەنی و سەربازییی. لە لایەکی تر دەتوانرێت بوترێت کە مەدەنی و سەربازییی بوونی نیە، ئەوەی هەیە تێکەڵەیەکە لە هەردوو. بەڵام لە دوو دەیەی ڕابوردودا ئەمە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە لە بەر دوو هۆکاری سەرەکی: پیربوونی نەوەی شاخ و ئابوری. پیربوونی نەوەی شاخ لە گەڵ کەڵەکەکردنی سەرمایەدا، بوەتە هۆکاری هاتنە ئارای جۆرێکی جیاواز لە سیاسەتکردن؛ کە خۆی لە پاراستنی پۆست و کەڵەکەکردنی ساماندا دەبینێتەوە، بەڵام لەمەش گرنگتر،خەمی ئەم نوخبەیە کە چۆن ئەم پێگەو سامانە بیگوێزێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو (خۆیان). لە بەرامبەر ئەمەدا لە هەناوی کۆمەڵگەدا هەتابێت نارەزایی و ئاگایی بەرامبەر ئەمە زیاد دەکات، کە داوای دەسەڵاتی زیاتر دەکەن بۆ دەزگاکانی وەک پەرلەمان و بە پیشەییکردنی پێشمەرگە.

## باڵی ناو حیزبەکان و پەرتەوازەیی پێشمەرگە

ژیانی حیزبی لە کوردستان لە گواستنەوەدایە لە قۆناغی گەریلاییەوە بۆ مەدەنی. یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی بواری مەدەنی بنەماڵەییە. بۆیە دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە لە دەیەی داهاتوودا سیاسەتی کوردستان زیاتر ببێتە کاروباری بنەماڵەکان بەهۆی نەبوون یان لاوازی ڕێکخراوی حیزبی، نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی سەربەخۆ، بوونی سامانی سروشت بە سەرچاوەی داهاتی کە یانی سێنترالیکردنی داهات. ئەمە ڕەشنوسی حکومدارییەکە کە ناتوانێت سەردەمیانە نوێنەرایەتی خەڵك بکات.

لە کاتێکدا حوکمی بنەماڵەی ڕەنگە ئینتیباعی پێکەوەیی و ناوەندگەرایی بدات، ئەوەی وەک ڕاستییەک دەمێنێتەوە حیزبی کوردی هەموو شتێکە بەس یەکگرتوو نیە. پەرتبوون روونە و نەگونجان گەورەیە و پێودانگی سیاسی و ئابوری و کارگێڕی هەیە. هەر حیزبێکی سیاسی بە شێوازی تایبەتی خۆی مامەڵە لە گەڵ دیاردەی کتلەبازیدا دەکات.

پەرتبوونی باڵەکان لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی تر دەگۆڕێت. لای هەندێک گەشتوەتە ئاستی پەکخستن (degenerativeبۆیک، ٢٠٠٩)، هەروەها ئاشکرایە بۆ هەموان وەک لە کەیسی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا (ی ن ک)، لە کاتێکدا لە هەناو حیزبەکانی تردا کێبڕکێی باڵەکان لە هەناو حیزبەکاندا ماوەتەوە. فرە ناوەندی لە هەناو حیزبەکاندا کاریگەری ڕاستەخۆی هەیە لە سەر بونیادی پێشمەرگە. نهێنیەکی شاراوە نیە لای خەڵکی کوردستان کە باڵباڵێنی حیزبەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە پەرتەوازەیی پێشمەرگەوە. بەم پێیە پەرتبوونی ناو پێشمەرگە تەنها پەیوەست نیە بە حیزبەکانەوە،

بەڵکو لە هەمانکاتدا پەیوەستە بە باڵباڵێنی ناو حیزبەکانەوە .ئەمە بوەتە هۆی ئەوەی کە پەرتبوونی فرە ئاست لە ناو پێشمەرگە .

## نەبوونی مەودا

چەند جۆرێک لە مەودا هەیە لە نێوان مەدەنی و سەربازیدا؛ هەندێک بەرهەمهێنەو و سودمەندە، ئەوانی تر بە کەمتر. پەیوەندی دیموکراسی مەدەنی سەربازی دەرخەری ئەوەیە کە کە بوارێکی مەدەنی سەربەخۆ بوونی هەیە لە گەڵ بوارێکی سەربازی سەربەخۆ، هەردوو لە فۆرمەلەیەکی دیاردا لە پەیوەندیدان.

مێژووی نوێی کوردستان دەریدەخات کە مەودانیە لە نێوان نوخبەی سیاسی و پێشمەرگە، بەڵکو مەودا هەیە لە نێوان پێشمەرگە و کۆمەڵگا. لە سەر ئاستی ڕۆژانە، پێشمەرگە نوخبەی دەسەڵاتدار دەپارێزێت، نەک کۆمەڵگا بە گشتی. سەرباری ئەمە، لە کاتێکدا کە مەترسییەکی دەرەکی سەر هەڵدەدات، پیشمەرگە بەبێ جیاوازی داکۆکی لە هەموو کۆمەڵگا دەکات.

کە دێتە سەر پەیوەندی مەدەنی سەربازی چەند گۆڕاوێک هەیە کە دەبێت قسەی لە سەر بکرێت. بۆ نموونە، کەلتور و پاشخانی پێشمەرگە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەوەی کە پێشمەرگە و کۆمەڵگا چۆن لە پەیوەندیدان. لە نەبوونی تەجنیددا، هێزی چەکدار کەمتر ڕەنگدانەوەی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگایە. پێشمەرگە بە زۆری لە چینێکی بەرتەسکی کۆمەڵگاوە دێن، بە تایبەت لادێی و کەم خوێندەوارەکانی شار. بۆیە چینی خوێندەواری شار بە گومانن لە پێشمەرگە.

## ڕۆڵی سیستەم:

ئەگەر دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەست چینی حکومدار (حکومەتدا) نییە، ئەوا ڕۆڵی دەزگا سنورداره لە بەڕێوەچوونی چالاکییە ڕۆژانەکان. لە هەمانکاتدا حکومەتی هەرێم هێشتا دەبێت دەستورەکەی تێپەڕێنێت و دەزگاکانی کارا بکات. ئەمە تەنها کاریگەریی لە سەر بەشە (یاسادانان و جێبەجێکردن) حکومەت نیە، بەڵکو هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنیشی بێ ڕۆڵکردوە. پەرلەمانێکی خاوەن دەسەڵات دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە هاتنە ئارای پەیوەندیەکی دیموکراسیانەی مەدەنی و سەربازیی . شایانی باسە نەبوونی جودایی لەنێوان مەدەنی و سەربازییدا، کاریگەری هەیە لە سەر لاوازی دەزگاکان بە تایبەت پەرلەمان. ئەمە پەرلەمانی کردوەتە گۆڕەپانی ململانێ لە نێوان خەڵک و نوخبەدا. فشاری ئاسۆییانە بوونی هەیە (دەنگدەر، خاوەن بەرژەوەندی و کۆمەڵگەی مەدەنی) بۆ بەهێزکردنی زیاتری دەزگاکان. لە هەمانکاتدا فشاری زیاتر هەیە لە لایەن نوخبەوە بە شێوازێکی ئاسۆیی )دەسەڵاتی جێبەجێکەر، نوخبەی حاکم لە گەڵ پۆلیتبیرۆی حیزبەکان) بۆ لاوازکردنی دەزگاکان .

## پێشنیارەکان:

ریفۆرمی پەیوەندی مەدەنی سەربازیی لە هەرێمی کوردستان، پێویستی بە هاتنە ئارای پەیوەندییەکی مۆدرێنی مەدەنی سەربازییە لە بنەڕەتەوە. هەروەها واباشە نیگتیڤانە (لە ڕووی فەلسەفیەوە) بیر بکەیتەوە لەمە، بەو مانایە چۆن ڕێگرییەکان دیاری بکەیت و بەسەریاندا زاڵ بیت. لە خوارەوە چەند هەنگاوێک پێشنیارکراوە، بۆ هێنانە ئارای زەمینەیەکی پۆزەتیف بۆ بەرەو پێشچوونی زیاتر .

**دووەم، مەسەلەکە مەدەنیە:**

هەتا ئەمرۆ هەموو هەوڵەکان لەوەدا بووە کە چۆن پێشمەرگە ڕێک بخرێتەوە لە پێناوی ریفۆرمدا. ئەمە لە ڕێگای چەمکی یەکخستنەوە دەردەکەوێت: یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی (یەکێتی و پارتی). هەموو هەوڵەکان بە ئەم میتۆدە هەتا ئێستا بێ سود بووە. لە دڵی ئەم هەوڵانەدا ئەو تێگەیشتنە خۆی مەڵاس داوە، کە بۆشایی (گاپ) هەیە لە نێوان مەدەنی سەربازییدا. وەک ئەم کارنامە سیاسییە دەریدەخات کە گاپ یان جودایی بوونی نیە، بۆیە خاڵی دەستپێکردنی هەر ریفۆرمێک دەبێت جۆنێتی دورخستنەوەی مەدەنی یان سیاسی بێت، لە سەربازیی لە پێناو ڕێکخستنی دیموکراسیانە. بەم پێیە کێشەکە حیزبە سیاسیەکانن. بە مانایەکی تر، لە پلانرێژیی بۆ هێنانە ئارای پەیوەندیەکی دیموکراسیانەی مەدەنی سەربازیی، بەشی مەدەنی فۆرمیلاکە دەبێت خاڵی دەست پێکردن بێت.

**سێیەم، بونیادنانی دەزگا:**

یەکێک لە بڵاوترین تێگەیشتنەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی لە کوردستان، بریتییە لە خستنە لای جیاوازییەکانی ناو هێز و لایەن و پێکهاتەکانی نێوکۆمەڵگەی کوردی. بەدڵنیاییەوە ئەمە ڕەگی لە ناسیونالیزمی ڕۆمانتیکیدایە، بە بینینی هەموو کۆمەڵگەی کوردی، وەک یەک یەکەی پەرت نەبوو. ئەم شێوازە دەرکەوت کە واقیعی نییە. جیاوازی لە نێوان گروپ و پێکهاتە و چینەکان نەک هەر دەمێنێت، بەڵکو دەتوانینی بڵێین کە بە هۆی گەشەی میتۆدی کەپیتالیزمەوە لەگەڵ شاری بوندا، جیاوازییەکان نەک کاڵ دەبنەوە، بەڵکو زیاتر تۆخ دەبنەوە. ڕێگای گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جیاوازیانەدا هێنانە ئارای دەزگا و پەرەپێدانی دیموکراسیە. تەنها لە ڕێگای دەزگای کارا و بە توانا جیاوازییەکان پێکەوە دەگونجێنرێت و بە پیشەییکردنی سوپا بەرقەرار دەبێت. بەهێزکردنی دەزگاکان زەمینە دەسازێنێت بۆ هاتنە ئارای سازانێکی درێژ خایەن لە نێوان حیزبە سیاسیەکاندا. ئەمە لە هەمانکاتدا خۆی بە سەر باڵەکانی نێو پارتە سیاسیەکاندا دەسەپێت. هەتا حیزب زیاتر دەزگایی و سیستەماتیک بێت ڕێساکانی یاریەکە ڕوونترە و ململانێی سفری باڵەکان لاوازتردەبێت .

**چوار، نوسینی دەستور:**

لە بەر کۆمەڵێک هۆکار هەرێم، ڕێگایەکی ڕونی نییە لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە. نەبوونی دەستور یەکێکە لە لاوازیە دیارەکان.

هەبوونی دەستورێکی نوسراو، نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵێک بەهای دیاریکراو هەیە بۆ ڕێنمایی کۆمەڵگە و سیاسەت، لە نێویشیاندا سەربازیی. هەروەها چوارچێوەیەک دادەڕێژێت بۆ برەوپێدانی زیاتر. هەبوونی ئەم بنەما نۆرماتیڤە پێویستە بۆ هاتنەئارای پەیوەندیەکی دیموکراسیانەی مەدەنی سەربازیی.

**پێنج، تەجنید:**

هێنانە ئارای خزمەتی سەربازیی لە ڕێگای تەجنیدەوە، ڕێگایەکی باشە بۆ نزیککردنەوەی سەرباز و کۆمەڵگە، هەروەها هێنانە ئارای میکانزیمێک بۆ نوێبونەوە و تۆکمەکردنی پەیوەندی نیشتمانی لە بری پەیوەندی حیزبی. سەرباری ئەمانە سیستەمی تەجنید هاوکاردەبێت لە گەشەپێدانی هاوڵاتی بە ئاگایی گشتیەوە، کە پێویستە بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و پانتایی گشتی.

**شەش، ئاسایشی نیشتمانی:**

لە بەر کۆمەڵێك هۆکار نە ئاسایشی کوردی (نەتەوەیی) و نە ئاسایشی کوردستانی (نیشتمانی) لە ئارادایە. نوخبەی سیاسی کوردی تێگەیشتنێکی هاوبەشیان نییە لە سەر چەمکی نەتەوە، نیشتمان، خەڵک، دوژمن و هەروەها پانتایی. ئەم دۆخە پەرتەوازەییە بەردەوامی هەیە لە ڕێگای شەڕی ناوخۆی ڕەق و نەرمەوە. درێژەپێدانی شەڕ، لە ڕێگای سیاسەتەوە دەبێت کۆتایی پێبهێنرێت. شەڕی ئەهلی لە ڕێگای دیموکراسیەوە درێژەی پێدەدرێت بەتایبەت کاتێک کە تۆران لە نێو خەڵکیدا لە ئاستێکی ئێجگار باڵادایە، بە جۆرێک کە داهاتوویی حیزبی سیاسی خستوەتە مەترسیەوە. لەبەر ئەم هۆیانە چەندین هۆکاری جیاواز ئەم دۆخەی پێشمەرگە درێژە پێدەدەن: ترس لە براکان و ترس لە ئەوانیتر. بۆئەوەی سەرباز هەبێت، سوپا هەبێت لە کوردستان، دەبێت پچرانێک لەگەڵ ئەو دۆخەی مەدەنی سەربازییدا بێتە ئاراوە لە کوردستان، دەبێت چوارچێوەی شەڕی ناوخۆ، عەقڵیەت، بونیاد، جوگرافیا لەگەڵ ئابوریدا هەموو گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

## Bibliography / بیبلۆگرافیا


- Al-Marashi Ibrahim and Salama Sammy (2008) Iraq's Armed Forces: An analytical history, Routledge
- Barry Buzan, (1991) New Patterns of Global Security in the Twenty-first Century" International Affairs, 67.3, pp. 432-433.
- Belkin Aaron (2003) Toward a Structural Understanding of Coup Risk, Journal of Conflict Resolustion, Vol. 47 No. 5, October 2003 594-62
- Boucek Françoise (2009) Rethinking Factionalism Typologies, Intra-Party Dynamics and Three Faces of Factionalism, Party Politics, Vol. 15. No.4 pp. 1–31
- Dodge, Toby (2003) Inventing Iraq: the failure of nation building and a history denied. Columbia University Press
- Fukuyama Francis (1995), Trust: The Social Virtues and the Creation of Prosperity by New York: Free Press.
- Gaston, et al. (2016) Background literature review: Local Regional or Sub-State Defense Forces in Iraq, Institute of Regional and international Studies, American University Iraq, Unpublished paper.
- Hasan Hama Hawar (2017) The consequences of politicized forces in the Kurdistan Region of Iraq, open democracy, available at: https://www.opendemocracy.net/arab-awakening/hawre-hasan-hama/consequences-of-politicized-forces-in-kurdistan-region-of-iraq
- Hashim Ahmed (2003) Saddam Husayn and Civil-Military Relations in Iraq: The Quest for Legitimacy and Power Legitimacy and Power, Middle East Journal, Vol. 57, No 1 Winter.
- Jarkowsky, Jeffrey (2002) "Boots on the Ground" – Will U.S. Landpower Be Decisive in Future Conflicts? Strategy Research Project, U.S. Army War College. Available on: file:///C:/Users/msi/Downloads/jarkowsky.pdf
- Kalyvas Stathis N. (2001) "New" and "Olod" Civil Wars: A Valid Distinction?, World Politics 54 (October), 99–118
- Kadhim Abbas (2006) Civil-Military Relations in Iraq (1921-2006): An Introductory Survey Strategic Insights, Volume V, Issue 5 (May) available at: file:///C:/Users/msi/Downloads/ADA521444.pdf
- http://www.iss.europa.eu/uploads/media/CP_139_Arab_civil_military_relations.pdf
- Kuhn Thomas S. (1970), International Encyclopedia of Unified Science Volume 2 • Number 2 The Structure of Scientific Revolutions, available on: http://projektintegracija.pravo.hr/_download/repository/Kuhn_Structure_of_Scientific_Revolutions.pdf

- Mao Tse-tung (1938) "Problems of War and Strategy" (November 6), Selected Works, Vol. II.
- http://www.yorku.ca/dwileman/2930Bal.htm
- Quinlivan, James T.. Coup-Proofing: Its Practice and Consequeces in the Middle East. Santa Monica, CA: RAND Corporation, 2000. http://www.rand.org/pubs/reprints/RP844.html.
- الجيش والسياسة في مرحلة التحول :المؤتمر السنوي الخامس لقضايا الديمقراطية والتحول الديمقراطي الديمقراطي في الوطن العربي الدوحة، 1 -3 تشر ين األول / أكتوبر 2016 الورقة المرجعية
- http://www.dohainstitute.com/file/Get/c9c6489a-c2ee-49a9-8dc9-1f07c730f571
- فايز الخفاجى( ٢٠١٦) الحرس القومى و دوره الدموى فى العراق، سطور؛ سلسله العراقيه، بغداد

## دەربارى نوسەر

سەردار عەزیز ڕاوێکاری پەرلەمانی کوردستانە. هەروەها توێژەر و نوسەرە. لە بوارەکانی وەک پەیوەندی سەربازی مەدەنی، سیاسەتی ئیقلیمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، حکومەتداری کاری توێژینەوەی هەیە. هەڵگری بڕوانامەی دوکتۆرایە لە بواری حکومەت لە زانکۆی کۆرک لە وڵاتی نایرلەندا. بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی دەنوسێت .

## About FES Amman

The Friedrich-Ebert-Stiftung (FES) is a non-profit organization committed to the values of social democracy and is the oldest of Germany's political foundations. In Jordan, FES opened its office in 1986 and is accredited through a long-standing partnership with the Royal Scientific Society (RSS). The aims of the activities of the FES Amman are to promote democracy and political participation, to support progress towards social justice and gender equality as well as to contribute to ecological sustainability and peace and security in the region. FES Amman supports the building and strengthening of civil society and public institutions in Jordan and Iraq. FES Amman cooperates with a wide range of partner institutions from civil society and the political sphere to establish platforms for democratic dialogue, organize conferences, hold workshops and publish policy papers on current political questions.

## Imprint

Friedrich-Ebert-Stiftung Jordan & Iraq
PO Box 941876
Amman 11194
Jordan

Tel. +962 6 5008335
Fax: +962 6 5696478

Email: fes@fes-jordan.org
Website: www.fes-jordan.org
Facebook: www.facebook.com/FESAmmanOffice

## Disclaimer

The views expressed in this publication are not necessarily those of the Friedrich-Ebert-Stiftung or of the organization for which the author works.